## Referendum Movement in Kurdistan

کۆمیته بالآی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولآت

### پرسەنامەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بۆ قوربانیانی شاری سلێمانی

وا کەرەتێکی تر دوژمنانی گەل و نیشتمان ، دۆستانی دژ بە مرۆڤایەتی ، دەستی تاوانیان درێژکردەوە بۆ سەر گەلەکەمان و برینێکی تریان خستە جەستەی میللەتە ستەمدیدەکەمان و لە 25 – 10 – 2005 زاخاوی دڵە رەشەکەیان لە شاری هەڵمەتو قوربانی هەڵرشتەوە و لە دوو کاری تیرۆریستانە خوێنی گەشی رۆڵەکانمانیان کردە قوربانی مەرامە گڵاوەکانیان و لاپەرەیەکی رەشی تریان بۆ رێبازە پر شەرمەزاریەکەیان تۆمار کرد .

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان لە دەرەوەی وولآت هەردوو کارە تیرۆریستیە نا مرۆڤایانەکە ریسوا دەکات و بە هەوڵێکی دۆراوی پشت سنوری دەناسێنێ بۆ شلەژاندنی باری ئارامی کوردستان و تۆقاندنی جەماوەرە فیداکارەکەی .

بزووتنەوەمان وێرای خەمو پەژارەی ، چەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرچاوەی هێز تەنها جەماوەرە و بۆ رێگرتنیش لەو نەهامەتیانە پێویستە دەزگا حکومییەکان هەمیشە گرێدراوی جەماوەر بن و دەبێ ماف و پێویستیە سروشتییەکانی مرۆیایەتی بۆ ئەو جەماوەرە دابین بکرێت و بەنەخشەیەکی روون و یەکسان بهێنرێتە مەیدانی بەرێوەبردنی وولآتەکەی لە پێناوی گەشەپێدانی هەموو بوارەکانی ژیان و جێگیرکردنی بنەما دیموکراسیەکان وپاراستنی باری ئاسایش روو لەکوردستانێکی ئارامتر و گەشتر .

هەر لێرەشەوە ئەو راستییە دووپات دەکەینەوە کە هێز لە یەکێتیدایە ، هەر بۆیە یەکبوونەوەی هەردوو ئیدارە ئەرکێکی نەتەوایەتی مێژوویی گرنگی ئەم قۆناعە هەستیارەیە بۆ پووچەڵ کردنەوەی هەموو پیلانە گڵاوەکانی دوژمنان و لە پێناوی ژیانێکی سەربەز و ئاسوودە بۆ ئێستا و ئاییندەمان .

پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی 25 – 10 – 2005 دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی بە پەلەش بۆ برینداەکان دەخوازین .

سەری رێز و نوازش بۆ گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان .

کۆمیتەی بالآی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولآت

2005 _ 10 _ 26